بە یەکەمجار لە دوای ساڵی ٢٠٢٢ەوە پێوەندییەکی تەلەفۆنی لە نێوان پوتین و ماکرۆن ڕوویدا

کۆشکی کرەملین ، ئەمڕۆ سەشەممە ڕایگەیاند، ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا و هاوتا فەرەنسییەکەی، ئیمانوێل ماکرۆن، یەکەم پێوەندی تەلەفۆنییان ئەنجامدا کە بە ئاشکرا ڕاگەیەندرا لە دوای ساڵی ٢٠٢٢ەوە.

سەرەکایەتی ڕووسیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ڤلادیمێر پوتین پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا ئەنجامدا، ئەمەش یەکەم پێوەندییان بوو لە دوای ئەیلولی ٢٠٢٢ەوە، ئەمەش دوای چەند مانگێک لە دەستپێکردنی هێرشە بەرفراوانەکەی مەسکۆ بە سەر ئۆکرانیا.

کۆشکی کرملین ئاماژەی بەوەشکرد، سەرۆکی ڕووسیا و هاوتا فەرەنسییەکەی باسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیل و هێرشەکانی ئەمریکا بە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران کردووە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، هەردوو سەرکردە پێویستی چارەسەرکردنی قەیرانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانیان بە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسی دووپاتکردەوە و جەختیان لەسەر بەرپرسیارێتی

ڕووسیا و فەرەنسا کردەوە بە پاراستنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی ئەتۆمی.

کرەملین ئەوەشی خستەڕوو کە پوتین لە کاتی بانگەوازەکەدا جەختیشی لێوە کردەوە کە ململانێی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە زیاتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر سەریهەڵدا، دەرئەنجامی هاستەوخۆی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوایە.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی کرەملین، پوتین سەرکی فەڕەنسای ئاگادار کردەتەوە کە ڕۆژئاوا سیاسەتی درێژکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان بە دابینکردنی چەک بە ئۆکرانیا پێیەوە دەکات.

لای خێیەوە نووسینگەی ماکرۆن ڕایگەیاندووە، لە میانی پێیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، ماکرۆن جەختی لەسەر پێویستی پابەندبوونی ئێران بە پابەندبوونەکانی بەپێی پێیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی بەتایبەتی هاوکاریی تەواوی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کردەوە.

سەرکی فەرەنسا داوای لە هاوتا ڕووسیەکەی کردووە "بە زووترین کات" بە ئاگربەست لە ئۆکرانیا ڕازی بێت.

ماکرۆن جەختی لە "پاڵپشتی بە چەواشەکاری فەرەنسا بە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکرانیا" کردەوە و "داوای دامەزراندنی ئاگربەست لە زووترین کات و دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا بە گەیشتن بە یەکلاییکردنەوەی بەردەوام و درێژخایەن لەگەڵ ململانێکان" کرد، بەپێی کەشکی ئیلیسی.

نووسینگەی سەرکایەتی فەرەنسا ئاماژەی بەوەشکردووە، هەردوو سەرک کە لە ئێیلولی 2022ەوە قسەیان نەکردووە، بەیاریانداوە هەوڵەکانیان هەماهەنگی بکەن و بەم نزیکانە قسە بکەن بە بەدواداچوون بە ئەو بابەتە.